# پێگەی عەقـڵ لە ئیسلامدا

نوسینی

الشيخ: أحمد بن محمد الشحي

وەرگێڕانی

ستافی وەڵامەکان

لە بڵاوکراوەکانی

ماڵپەڕی بەهەشت و وەڵامەکان

ba8.org

walamakan.com

## * پێشەکی :

إنَّ الحَمْدَ للهِ نَحْمَدُهُ وَنَسْتَعِيْنُهُ وَنَسْتَغْفِرُهُ وَنَعُوْذُ بِاللهِ مِن شُرُوْرِ أَنْفُسِنا وَمِنْ سَيِّئَاتِ أَعْمَالِنَا مَنْ يَهْدِهِ اللهُ فَلا مُضِلَّ لَهُ وَمَنْ يُضْلِلْ فَلا هَادِيَ لَهُ .

وَأَشْهَدُ أَنْ لا إلَهَ إلاَّ اللهُ وَحْدَهُ لا شَرِيْكَ لَهُ ، وَأَشْهَدُ أَنَّ مُحَمَّدًا عَبْدُهُ وَرَسُوْلُهُ .

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱتَّقُواْ ٱللَّهَ حَقَّ تُقَاتِهِۦ وَلَا تَمُوتُنَّ إِلَّا وَأَنتُم مُّسۡلِمُونَ ١٠٢﴾ [آل عمران].

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ ٱتَّقُواْ رَبَّكُمُ ٱلَّذِي خَلَقَكُم مِّن نَّفۡسٖ وَٰحِدَةٖ وَخَلَقَ مِنۡهَا زَوۡجَهَا وَبَثَّ مِنۡهُمَا رِجَالٗا كَثِيرٗا وَنِسَآءٗۚ وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ ٱلَّذِي تَسَآءَلُونَ بِهِۦ وَٱلۡأَرۡحَامَۚ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ عَلَيۡكُمۡ رَقِيبٗا ١﴾ [سورة النساء] .

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱتَّقُواْ ٱللَّهَ وَقُولُواْ قَوۡلٗا سَدِيدٗا ٧٠ يُصۡلِحۡ لَكُمۡ أَعۡمَٰلَكُمۡ وَيَغۡفِرۡ لَكُمۡ ذُنُوبَكُمۡۗ وَمَن يُطِعِ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ فَقَدۡ فَازَ فَوۡزًا عَظِيمًا ٧١﴾ [سورة الأحزاب] .

أَمَّا بَعْدُ : فَإِنَّ أَصْدَقَ الحَدِيْثِ كِتَابُ اللهِ ، وَخَيْرَ الهَدْيِ هَدْيُ مُحَمَّدٍ (ﷺ) وَشَرَّ الأُمُوْرِ مُحْدَثَاتُهَا ، وَكُلَّ مُحْدَثَةٍ بِدْعَةٌ ، وَكُلَّ بِدْعَةٍ ضَلالَةٌ ، وَكُلَّ ضَلالَةٍ فِي النَّارِ .

**پێگەی عەقڵ لە ئیسلامدا گەورە و پایەیەکی بەرز و بڵندی هەیە، چونکە بەهۆی عەقڵەوە تەکلیف لەمرۆڤ کراوە، و گەورەترین و بە بەهاترین نیعمەتە بە مرۆڤ بەخشرابێت و خوای گەورە منەتی ناوە بەسەر مرۆڤدا پێی، چونکە عەقڵ جیاکاری دەکات لەنێوان سوود و زیان و ئەرکە شەرعیەکان تێ دەگات و بیری پێ دەکرێتەوە لە قورئان ولەفەرمایشتەکانی پێغەمبەری خوا ﷺ تێدەگات و هەوڵی پێ دەدرێت بۆ کاروبارە دونیاییەکان و ئامێر**

وئامرازێکە کە مرۆڤ ناتوانێت دەستبەرداری بێت و پێویستی پێی نەبێت بۆ دین و دونیای، هەر بۆیە ئیسلام زۆر گرنگی پێداوە بەپێی ئەو ڕۆڵە گرنگەی کە هەیەتی، جا لەو گرنگی پێدانانەی ئیسلام بۆ عەقڵ وەکو:

**یەکەم:** ئیسلام عەقڵی بەیەکێك لەو پێنج زەرورەتە گرنگە داناوە کە دەبێت پارێزگاریان لێ بکرێت، و ئەوەشی کاریگەری خراپ ونەرێنی بکاتە سەر عەقڵ و زیانی پێ بگەیەنێت حەرام ویاساغی کردووە، وەکو مەی خواردنەوە وسەرخۆش بوون، وە سزا وتۆڵەشی داناوە لەسەر ئەو کەسانەی کە خویان بەو جۆرە کارانەوە گرتووە وەکو پارێزگاریەك بۆ هێشتنەوەی عەقڵ وەکو خۆی.

**دووەم:** ئیسلام بانگی عەقڵ دەکات بۆ شوێنکەوتنی بەڵگە وفەرمانی پێ دەکات بە وەلانانی نەزانی و خۆبەگەورەزانی ودەمارگیری ولاسایی کوێرانە ودەمەدەمێی ناڕەوا وخوراف و خەیاڵ وسیحر وجادووگەری ودەجەل وهەواوئارەزوو، چونکە هەموو ئەم بەلا وکارەساتانە ئەرکی عەقڵ پەك دەخات ولەکاری دەخات و خاوەنەکەی دەخاتە نێو هەڵەکردن ولاڕێ بوونەوە ولەڕاستەڕێ وحەق لای دەدات هەرچەندە روناکی و ڕۆشنایی ڕێگاکەش دەرکەوێت وروون بێتەوە، خوای گەورە دەفەرموێت: { وَإِذَا قِيلَ لَهُمُ اتَّبِعُوا مَا أَنزَلَ اللَّهُ قَالُوا بَلْ نَتَّبِعُ مَا أَلْفَيْنَا عَلَيْهِ آبَاءَنَا ۗ أَوَلَوْ كَانَ آبَاؤُهُمْ لَا يَعْقِلُونَ شَيْئًا وَلَا يَهْتَدُونَ }.

واتە: ئەگەر باوەڕداران ئامۆژگاری گومڕاکان بکەن وبلێن : شوێنی ئەوە بکەون کە خوای پەروەردگار دایبەزاندوە لە قورئان و ڕێنماییەکان ، کەچی ئەوان سور دەبن لەسەر

چاولێکەری پێشینە هاوەڵبڕیاردەرەکانیان و ئەڵێن : شوێنی دینی ئێوە ناکەوین ، بەڵکو شوێنی ئەوە دەکەوین کە باوباپیرانمان لەسەر بینیوە . ئایا شوێنی باوباپیرانی خۆیان دەکەون ئەگەر هیچ لەپەیامی خواش تێنەگەن و ڕێنمایش وەرنەگرن و چاکەش نەناسنەوە؟!

**سێ یەم:** ئیسلام عەقڵ بانگهێشت دەکات بۆ تێفکران و تێڕامان، ئیتر وردبونەوە وتێفکرینەکە لە بواری دەقە شەرعیەکاندا بێت ئەوەش بەتێگەیشتنێکی جوان وکارپێکردنی یاخود لە بوارە فراوانەکانی گەردووندا بێت، و ئەوەی خوای گەورە تێیدا بەدی هێـناوە لە دروستکراوی سەیر ونامۆ کە هەموو بەڵگەن لەسەر یەکخوایەتی خوای گەورە و تواناو دەسەڵاتی لەبن نەهاتووی ئەو، وە قورئان پڕە لەو ئایەتانەی کە بانگ وهانی مرۆڤ دەدەن بۆ بیرکردنەوە لە گەردوون وریساکانی ژیان.

خوای گەورە دەفەرموێت: { قُلِ انظُرُوا مَاذَا فِي السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ }، واتە: ئەی پەیامبەری خوا ﷺ بە گەلەکەت بفەرموو : بیر بکەنەوە و پەند وەربگرن لەو نیشانە ڕوون ئاشکرایانەی خوای پەروەردگار کە لە ئاسمانەکان و زەویدان.

وەکاتێك ئەم ئایەتە دابەزی بۆ پێغەمبەری خوا ﷺ کە دەفەرموێت: { إِنَّ فِي خَلْقِ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ وَاخْتِلَافِ اللَّيْلِ وَالنَّهَارِ لَآيَاتٍ لِّأُولِي الْأَلْبَابِ }، واتە: بەڕاستی لە دروستکردنی ئاسمانەکان و زەوی بە بێ نموونەیەکی پێشوو ، وە لە بەدوای یەکدا هاتنی شەو و ڕۆژ ، و جیاوازیان لەڕووی درێژی و کورتیەوە چەندین بەڵگەی گەورە هەیە لەسەر

یەکتاپەرستی خوای پەروەردگار بۆ ئەوانەی کە خاوەن عەقڵ و ژیریەکی ساغ و تەندروستن.

وە پێغەمبەری خوا ﷺ لە حاڵەتێکی سەیردابووە لە کاریگەربوون، وەکو پرسیار دەکرێت لە عائیشە ڕەزای خوای لێ بێت : سەیرترین شتێك کە بینیبێتت لە پێغەمبەری خوا ﷺ بۆمانی باس بکە، کەمێك بێدەنگ بوو، پاشان وتی: شەوێك لە شەوان، پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی:

" ئەی عائیشە بمهێڵە با ئەمشەو پەروەردگارم بپەرستم" منیش وتم: سوێند بەخوا حەز دەکەم لەنزیکتەوە بم و لە هەمان کاتیشدا ئەوەم پێ خۆشە کە تۆ خۆشحاڵ دەکات، دەڵێت: پاشان دەستنوێژی گرت و هەستا دەستی کردە نوێژکردن، بەردەوام دەگریا هەتا کۆشی تەڕبوو، پاشان لە گریان بەردەوام بوو هەتا ڕیشی تەڕبوو، پاشان گریا هەتا زەویەکەی تەڕکرد، ئینجا بیلال هات و ئیزنی لێ وەرگرت بۆ بانگ، کە بیلال بینی وادەگریت وتی: ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ بۆچی دەگریێ لەکاتێکدا خوای گەورە لەتاوانی سەرەتا و کۆتاییت خۆش بووە؟ ئەویش فەرمووی:

" ئەی نابێت بەندەیەکی سوپاسگوزار بم؟ ئەمشەو ئایەتێکم بۆ دابەزیوە، وەیل بۆ ئەوەی دەیخوێنێتەوەو بیری لێ ناکاتەوە ئەویش ئەم ئایەتەیە:{ إِنَّ فِي خَلْقِ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ} الآية»..

وە خوای گەورە سەرزەنشتی ئەو کەسانە دەکات کە توانا وئەرکی مێشکیان لەکاردەخەن و نایخەنە بوار وخزمەتی لێوردبونەوە وتێڕامانەوە ئیتر لە ئایەتە شەرعیەکان بێت وەکو دەفەرموێت:{ أَفَلَا يَتَدَبَّرُونَ الْقُرْآنَ أَمْ عَلَىٰ قُلُوبٍ أَقْفَالُهَا }، یاخود لە ئایەتە گەردونیەکان بێت، وەکو دەفەرموێت:{ وَكَأَيِّن مِّنْ آيَةٍ فِي السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ يَمُرُّونَ عَلَيْهَا وَهُمْ عَنْهَا مُعْرِضُونَ }.

**چوارەم:** قورئان پڕە لە بەڵگەی عەقڵی بیانوبڕ لەسەر یەکخواپەرستی و ڕاستێتی پێغەمبەرانی وسەلماندنی بوونی ڕۆژی دوایی وجگە لەوانەش.

بۆ نمونە: خوای گەورە دەفەرموێت: { أَمْ خُلِقُوا مِنْ غَيْرِ شَيْءٍ أَمْ هُمُ الْخَالِقُونَ }، واتە: ئایا ئەو هاوەڵبڕیاردەرانە هەر لە خۆوە و بەبێ بەدیهێنەرێك هاتوونەتە بوون ، یان خۆیان بە دیهێنەری خۆیانن ؟! ئاشکراشە کە هەردوو حاڵەتەکە پوچ و مەحاڵن .

وە بەمەش ئەوە جێگیر دەبێت کە خوای پەروەردگار بەدیهێناون ، وە خوای پەروەردگار هەر خۆی شایستەی پەرەستنە ، و شایستەی جگە لەو نیە .

جا ئەمە بەڵگەیەکی عەقڵی یەکلاکەرەوەیە واتە یان ئەوەتا ئەوان لە هیچەوە دروست بوون، ئاشکرایشە کە (عەدەم) هیچ دروست ناکات، چونکە شتێك کە هیچی نەبێت توانای بەخشینی ئەو شتەی نییە کە نییەتی، وە یان ئەوەتا خۆیان خۆیانیان دروست کردووە،

وە دەشزانن کە خۆیانیان دروست نەکردووە، جا بۆیە هیچ نامێنێتەوە ئەوە نەبێت کە دروستکار وبەدی هێنەرێك هەبێت ئەویش بریتیە لە اللە.

**پێنجەم:** ئیسلام بانگەوازی گەشەی عەقڵ دەکات بەهاندانی لەسەر فێربوون و زیادکردنی سنوری زانست وزانین، چونکە زانست عەقڵ زیاد دەکات، وە دەقە شەرعیەکان پڕن لە هاندان بۆ فێربوونی عیلم و دەرخستنی فەزڵ وچاکەی عیلم و لەوپێناوەشدا زانایان چەندین کتێب وپەرتوکی بەنرخیان داناوە لەسەری.

**شەشەم:** ئیسلام هانی زانایان دەدات بۆ چالاك کردن و بەگەڕخستنی عەقڵ و ژیری بۆ هەڵێنجانی حوکمە شەرعیەکان بەهەوڵ وکۆششی خۆیان لە دەقی قورئان و سوننەتدا سەبارەت بە حاڵەت و دیاردە نوێ وسەردەمیەکان، ئەوەش بە جیاوازی کات وشوێنەکان وبە پەیوەست بوون بە ڕێسا وسنوورە شەرعیەکانەوە کەلە شوێنی خۆیاندا باس کراون، وە لەوبارەیەوە پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت: «إذا حكم الحاكم فاجتهد فأصاب، فله أجران، وإذا حكم فاجتهد فأخطأ، فله أجر».

واتە: ئەگەر حاکمێك بەهەوڵ دان حوکم بدات و بیپێکێت ئەوا دوو پاداشتی بۆ هەیە، و ئەگەریش لەو هەوڵەیدا نەیپێکێت و هەڵە بکـات ئەوا پاداشتێکی هەر بۆ هەیە.

**حەوتەم:** شەرع وەستاوە یان بیناکراوە لەسەر بناغەی بەدەست هێنانی بەرژەوەندیەکان و تەواوکردنیان و وەلانانی خراپەکان و کەمکردنەوەیان، و سەرچاوە و ژێدەری ئەو کارەش بریتیە لە شەرع وعەقڵ کە دووبرای لێك دانەبڕاون.

پێشەوا ابن القیم – رەحمەتی خوای لێ بێت– دەڵێت: " شەرع هەموو دادگەر و رەحمەت و بەرژەوەندی و حیکمەتە، جا بۆیە هەر باس وبابەتێك لە دادگەری دەربچێت بۆ ستەم و لە رەحمەت دەربچێت بۆ دژەکەی و لەبەرژەوەندی دەربچێت بۆ خراپە و لە حیکمەت دەربچێت بۆ پووچی وبێ مانایی ئەوا بێگومان بە کە لە شەرع نییە "

**هەشتەم:** ئیسلام مامەڵەیەکی واقعیانە لەگەڵ عەقڵدا دەکات و ناتەواوی و کەموکورتیەکانی دەزانێت و لەهەوڵدایە بۆ تەواوکردنی، ئا لێرەوە هاندان هاتووە لەسەر پرس وراوێژ بۆ ئەوەی عەقڵەکان پێکەوە تەواوبن و بۆچونەکان کۆببنەوە، وە لە رەحمەتی خوا بۆ بەندەکانی ئەوەیە کە پێغەمبەرانی بۆ ناردوون و کتێبی بۆ دابەزاندوون بۆ رێنمایی کردنیان بۆ شتانێك کە عەقڵ بەتەنها ناتوانێت رێگا بدۆزێتەوە بەلاَم بەشێوەیەك کە لەگەڵ سروشت و فیترەتیاندا یەکانگیر وگونجاوە وهەرگیز دژ وپێچەوانەی عەقڵی تەواو ورێك نییە، جا هەر شتێك خواستی عەقڵی صەحیح و تەواو بێت ئەوا شەرع برگەیەکی تێدا نییە کە دژی بێت و بەرانبەری بوەستێت هەرگیز، بۆیە پێشەوا ابن القیم بەرەحمەت بێت دەڵێت: «الكتاب المنزَل والعقل المدرِك حجَّة الله على خلقه».

واتە : کتێبی دابەزێنراو و عەقڵی تێگەیشتو بەڵگەی خوان بەسەرخەڵکەوە

وصلى الله على نبينا محمد وعلى آله و صحبه وسلم.